# شۆڕشەکانی کورد لە1914وە بۆ1958 لەدووتویێی کتێبێکدا ....

**کەمال ڕەئوف**

هەرکاتێك کە باسی هۆزی بارزان دەکرێت , یەکسەر شۆڕشەکانی کوردو ئەو سەردەمانەمان دەکەوێتەوە بیرکە بارزانیەکان بەشداریەکی ڕاستەوخۆو سەرکردایەتی بزاڤی کوردیان لەقۆناغێکی گرنگدا گرتۆتە ئەستۆ, لەپاڵ ئەوەشدا خێرا ناوی مەلامستەفامان وەك سەرکردەیەکی ناسراوی کوردو کەسایەتیەکی دیارو تاقانەی ناو هۆزی بەرزان دەکەوێتە بیر, بەم دواییانە لەدوای خوێندنەوەی کتێبی (المقاومة الكردية للاحتلال) کەنووسینی ئەیوب بازانی" ئامۆزا و زاوای کاك مەسعود بارزانیە " ئەو ڕایەم گۆڕا کە مەلا مستەفا سەرکردەی تاقانەی هۆزی بارزان بێت! چونکە لەو هۆزەدا گەلێك کەسایەتی شورشگێرودیار هەبوون و دەوریان هەبووە لەگێڕانی شۆڕش وخەباتی کورددا , هەروەها ئەو ڕایەشم گۆڕا کە هەموو بەرزانیەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە بەخوێن لەماڵی مەلامستەفاوە نزیکن بەو ڕووداوانەی کەلەمێژووی خەباتی بەرزانییەکان و سەردەمی بارزانییەوە ڕوویانداوە ڕازی بن و چاویان لەئاست کەمووکوڕیەکاندا نووقاندبێت, خوێندنەوەی ئەو کتێبە کەپڕیەتی لەنهێنی هۆزی بارزان وشۆڕشەکانی ئەو مێژووەی کەئاماژەی بۆکراوە ئاستی ئاشنایەتیشمی لەسەر بارزانیەکان و شورش و مقاوەمەتی خەڵکی کورد لە بەرامبە داگیرکاراندا بردەسەرەوە, ڕەخنەکانی ئەیوب لەسەر هۆزی بەرزان و سەرکردایەتی بارزانی و باسکردنی چۆنیەتی هۆزی بارزان لەشۆڕشەکاندا و لەکۆماری مهاباد دا , نەك هەر تواناو تێگەیشتنمی لەئاستی ئەو هۆزەدا بەرزکردەوە بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا خۆشەویستیشمی بەرامبەر بەو هۆزە شورشگێرە بردە ئاستێکی باڵاترەوە, ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە کەم جار ڕوویداوە کەسایەتیەکی دیاری سەر بەهۆزێکی گەورەی وەك هۆزی بارزان بوێرانە و ڕاستگۆیانە بتوانێت هەموولەمپەرەکانی بەر دەمی خۆی وەلانێت و بەئاشکراو دڵسۆزانە لەدەرەوەی سنووری خێڵەوە و بەدوور لە گیانی پیاهەڵدانی شتەباوەکان بەرامبەر بەنەوەکانی داهاتوو ڕاستیەکان بخاتە بەرچاو ونووسینەکانی بکاتە دیکۆمێنت بۆئاشنا بوون لێیان , دیسانەوە لەدووتویێی ئەو کتێبەدا جگەلەوەی کەنووسەر خۆی لەناوبەشێك لە ڕووداوەکاندا بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی هەبووە هەروەها دەستیشی ڕاگەیشتووە بەو کەسانەی کەوەك گەواهیدەر خۆیان بەشدار بوون و کەڵکیشی لەگەلەك سەرچاوە وەرگرتووەو وەك دیکۆمێنت بەکاری بردووە تا لەنووسینەوەی شاکارە مێژوویەکەیدا نەکەوێتەهەڵەوە, هەروەها ڕاستگۆیی لەباسکردنی ڕووداوەکاندا لای نوسەر گەیشتۆتە ئەوپەڕی هەربۆیە نەترسانە زۆر جار ڕەخنەشی لەکەسایەتیە نزیکەکانی سەر بەهۆزەکەی خۆی و کەسایەتیە ناسراوەکانی کورد گرتووە,دیارە ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە

کەنووسەر لای وایە کورد نابێت لەباسکردنی شتەخراپەکانی خۆی سڵ بکاتەوەو لای وایە کە باشترین هۆ بۆئەوەی سەرکردایەتی کوردی نەکەوێتە چەندبارەکردنەوەی هەڵەوە دەبێت دان بەهەڵەکانی پێشوودا بنێت و ڕەخنەی توندیان لێ بگرێت ,لەهەمانکاتیشدا شارەزایی و پاراوی زمان و سەربەخۆیی لەنوسینەوەی ئەو مێژووەکە لەساڵی 1914وەتا1958 گرنگیەکی زۆری لای خەڵك هەیە هەربۆیە نووسەر بەچاوی پڕبایەخەوە گرنگی پێداوە و سەردێکی سەرکەوتووانەی کردووە ,هەروەها لەچۆنیەتی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە نووسەر توانیوویەتی جگەلەوەی کە پشت بکاتە هەمووقسەو قسەلۆکەکان و سنوورەداخراوەکانی هۆزوحیزب بشکێنێ لەهەمان کاتیشدا توانیویشیەتی لەپێناو درکاندنی ڕاستیەکاندا پشت بکاتە هەموو ئەو ئیمتیازاتە مادی ومەعنەویانەی کە ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەبەرامبەر پیاهەڵدانی سەرکردەکاندا و لەبەرامبەر نەووتنی ڕاستیەکاندا تەخشان و پەخشان دەکرێ , دواوتەش ئەوەیە دەڵێین ئەیوب بارزانی وەك مێژوو نووسێکی ڕاستگۆ توانیوویەتی زۆر شت ئاشکرابکات وڕاستی ووتووە و وێنەیەکی زیندووی لەڕابردووی شۆڕشەکان و سەرکردایەتی کوردی نیشان داوین بۆیە لەپاداشتی ڕاستگۆییەکەیدا کتێبەکەی لەبەشێکی کوردستاندا قەدەغە دەکرێ و کۆدەکرێتەوە .